# بەنازو سەروەت لەپەرێزی محمودی بابەکر ئاغا یاشێخ زانادا

ئالان ئارانی-سلیمانی

کوشتنی –بەناز محمود بابەکر ئاغا-لەلەندەن،کردەوەیەکی تری ڤێزەونی چەند بارەی ئەو ماڵە ئەسەلمێنی ،لە کاتێکدا ئەو ماڵە بەچەندان نسکۆو کۆسپی بێ مانادا تێپەڕیون و،بۆ هەر حاڵەتە(فێڵە ڕێویەکیان )ئەهێنایەوە و،دەرسیان وەر نەئەگرت!سەرەئەنجام (فێڵبازی هەتا سەر نابێ وتەڵەو مینێك دەبێ کۆتایی بەفێڵ بهێنێ) هەروەکو چۆن خۆیان لەزینداندا دۆزیەوە ،پێش کوشتنی بەناز کچێکی تری (محمودی بابەکر ئاغا)بەناوی –بێ خاڵ-لەترسی کوشتن لەدەستی ماڵەوەیان ڕای کردو،لەشوێنێکی نادیاری لەندەن ژیان بەسەر ئەبا،هەر بەتاکتیکی ئەو(محمودی بابەکر ئاغا)بەتەلەفۆن ڕایسپاردبوو کە خوارزایەکەی بکوژن ،ناوی خوارزاکەی –سەروەت-بوو دایکی سێ منداڵ بوولەقەڵادزێ کوشتیان!!لێرەوە پرسیارێك لەدایك دەبێ:ئایا (محمود بابەکر ئاغا) سەر بەتۆڕی –شێخ زانایە- یامێشك وبیرکردنەوەی کەلەپوری سەردەمی بەردە،ئاوالەناو جەرگەی شاری (بیگ بن) شاری ئازادی وکۆترو جوانی ،ئاوا ئازادی شەلاڵی خوێن ئەکات !!هەقی خۆی بوو (محمودی بابەکر ئاغا)وبنەماڵەکەی ڕوویان لەخوارووی ئەفەریقیاو ئەفغانستان ویەمەن کردبا ،هەر ئەو شوێنانە جێگای بیرکردنەوەی (جەنگەڵیانەی) ئەوانە ئەبێتەوە،ئەوانە بەهەڵە چوونە لەندەن!حەیفە ئەو گەندەڵ وژنکوژە ناسراوانە جێگای پەناهەندەیەکی تر بگرن و،لەسەر نفوسی کورد بژمێرێن!؟پارەو سامان لای ئەوانە کەرامەت وشەرەفە..باشترین بەڵگەش ئەوەتا نیوەی پشدەریان کڕیوە! نازانم بۆ ئەبێ ئەوانەڕێ بەخۆیان بدەن و ئازاد بن هەموو سنورێکی هەوەس ببەزێنن،بەلاّم بۆ جگەر گۆشەکی ڕەئی وهەڵبژاردن قاچاغ بێ(کەدەڵێ نایدەم بەکوردی ئێران ئەی –محمود –نمەکی چەندان ساڵی خانەی ئێرانی لەبیر چۆتەوە؟؟)هەر بۆیە ئەوانە ئەگەر جارێکی تریش لەزیندان بێنەوە دەر هەر هەمان بکوژەکەی جارانن!!